وەزارەتی کارەبا: بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما خواست لەسەر کارەبا زۆر زیادی کردووە

وەزارەتی کارەبای حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، "بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما و هاتنی شەپۆلی سەرما، خواست لەسەر کارەبا زۆر زیادی کردووە و پێدانی کارەبا نزیکەی 8 کاتژمێر".

وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێد ئەحمەد ڕایگەیاند، "کاتژمێرکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی بە ناوچە گەرمەکان 8 بە 9 کاتژمێر، بەڵام بە ناوچە ساردەکان 7 بە 8 کاتژمێر کارەبا دەدرێت"، وتیشی: "بەرهەمی کارەبا لە نێوان 3500 بە 4 هەزار مێگاواتە، ئەمەش بەکی باشە بەڵام کێشە ئێوێیە خواست زۆرە و دەگاتە 7 هەزار مێگاوات".

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئێستا بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما و هاتنی شەپۆلی سەرماوسەڵە، خواست لەسەر کارەبا زۆر زیادی کردووە و وەزارەتی کارەباش هەموو هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ، بە ئەوەی زۆرترین کارەبا بە هاووڵاتیان بدات.